# ئەگەر هاتوو ژن و پیاو ناكۆك بوون لە كەوتنی تەڵاق، ووتەی كامیان لە پێشترە ؟

# إذا اختلف الزوجان في وقوع الطلاق فقول من يقدم؟

< كوردي >


شێخ محمد كوڕی صالح ئەلمونەجید

الشيخ محمد بن صالح المنجد



وەرگێرانی: دەستەی بەشی كوردی لەماڵپەری ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : فريق القسم الكردي بموقع إسلام هاوس

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# ئه‌گه‌ر هاتوو ژن و پیاو ناكۆك بوون له‌ كه‌وتنی ته‌ڵاق، ووته‌ی كامیان له‌ پێشتره‌ ؟

ئه‌م پرسیاره‌ ئاڕاسته‌ی ماڵپه‌ڕی ئیسلام پرسیار و وه‌ڵام كرواه‌ : -

**پرسیار** : ژنه‌كه‌م باوه‌ڕی وایه‌ كه‌ من ته‌ڵاقمداوه‌، به‌ڵام له‌ڕاستیدا من ته‌ڵاقم نه‌داوه‌، ئه‌وه‌ش كه‌ رویداوه‌ ئه‌مه‌یه‌ كه‌ بۆتانی باسده‌كه‌م : كاتێك توره‌ بووم نامه‌یه‌كم به‌ مۆبایله‌كه‌م بۆ نارد و نووسیم بۆی " سوێند بێت به‌ الله‌ تۆ له‌ ته‌ڵاقی كۆتاییدایت، نیه‌تیشم ئه‌وه‌ بوو كه‌ به‌و كاره‌ بیترسێنم و هه‌ڕه‌شه‌ی لێ بكه‌م نه‌ك ته‌ڵاقدان، پاشان نامه‌یه‌كی ترم بۆ نارد و له‌و نامه‌یه‌دا ووتم : من ته‌ڵاقت ده‌ده‌م، لێره‌شدا به‌هه‌مان شێوه‌ نیه‌تم هه‌ڕه‌شه‌ لێكردن بوو، نه‌ك ته‌ڵاقدان، ئێستا ژنه‌كه‌م ڕازی نابێت بگه‌ڕێته‌وه‌ و وادەزانێت كه‌ ته‌واو به‌یه‌كجاری ته‌ڵاقدراوه‌، وه‌ چه‌ند جارێك هه‌وڵمدا تێی بگه‌یه‌نم كه‌ ته‌ڵاق له‌ ڕێگای نامه‌ی موبایلیه‌وه‌ ناكه‌وێت ئه‌گه‌ر نیه‌تی ته‌ڵاقی له‌گه‌ڵدا نه‌بێت، چونكه‌ من كاتێك ئه‌و نامانه‌م نووسی نیه‌تم ته‌ڵاقدانی نه‌بوو، به‌ڵام گرفت ئه‌وه‌یه‌ ژنه‌كه‌م باوه‌ڕم پێ ناكات، وه‌ وا ده‌زانێت من به‌ڕاستی ته‌ڵاقمداوه‌، وه‌ زۆر سووره‌ كه‌ نه‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆلام، وه‌ خۆی به‌ته‌نها ڕۆشتووه‌ بۆ لای یه‌كێك له‌ زانا و مامۆستایانی ئاینی و مه‌سئه‌له‌كه‌ی بۆ گێڕاوه‌ته‌وه‌ و ئه‌ویش پیی ووتوه‌ كه‌ ته‌ڵاقی سێ به‌سێ كه‌وتووه‌، وئێستا ئیتر له‌من حه‌رامه‌، ژنه‌كه‌یشم باوه‌ڕی به‌و فه‌توایه‌ هێناوه‌ و كردویه‌تی به‌ به‌ڵگه‌ به‌ده‌ستی خۆیه‌وه‌، منیش پێم ووت كه‌ پێویسته‌ به‌یه‌كه‌وه‌ بڕۆین بۆلای یه‌كێك له‌ مامۆستایه‌ك و به‌ووردی مه‌سئه‌له‌یه‌كه‌ی تێ بگه‌یه‌نین، به‌ڵام ئه‌و هه‌ر له‌سه‌ر ڕای خۆی سووره‌ و ڕه‌فزی ده‌كات كه‌ به‌یه‌كه‌وه‌ بچین بۆلای مامۆستایه‌كی شاره‌زا، ئێستاش به‌ته‌مایه‌ شوو بكات به‌ پیاویكی تر، ئایا حوكمی ئه‌م حاڵه‌ته‌ چیه‌، به‌ تایبه‌ت ئه‌گه‌ر هاتوو ئه‌و زه‌واجه‌ سه‌ری گرت ؟

**وه‌ڵام** : سوپاس و ستایش بۆ خوای گه‌وره‌ و میهره‌بان و درودو صه‌ڵات و سه‌لام بۆ سه‌ر پێشه‌وای مرۆڤایه‌تی محمد المصطفى و ئال وبه‌یت و هاوه‌ڵ وشوێنكه‌وتوانی هه‌تا هه‌تایه‌ ..

**یه‌كه‌م** : ئه‌گه‌ر ئه‌و ڕووداوه‌ی كه‌ باسی ده‌كه‌یت به‌و شێوه‌یه‌ بێت، كه‌ تۆ نامه‌ت بۆ ژنه‌كه‌ت نووسی بێت، به‌بێ ئه‌وه‌ی نیه‌تت ته‌ڵاقدانی بێت، به‌ڵكو مه‌به‌ستت ته‌نها پێی ترساندن و هه‌ڕه‌شه‌كردن و زوویركردنی بێت، ئه‌وه‌ ئه‌و ته‌ڵاقه‌ ناكه‌وێت ..

**دووەم** : ئەگەر هاتوو ژنەکە ئیدعای ئەوە دەکات کە پیاوەکەی تەلاقی داوە، وە پیاوەکەشی ئینکاری ئەوە دەکات کە تەلاقی دابێت، لەم حالەتەدا ووتە ووتەی پیاوەکەیە، مەگەر بێتو ژنەکەی بەلگە ودەلیل و بەینەی هەبێت، ئەویش بریتیە لەوەی دوو شاهیدی عادلی دادپەروەر بهێنێت .

بەمەش ڕوون دەبێتەوە ژنەکەت ئێستاش لە ژێر نیکاح و عصمەتی تۆدایە، وە تەلاق نەدراوە لەتۆ و تەلاقت نەکەوتووە، بۆیە پێویستە لەسەر ژنەکەت لەخوای گەورە بترسێت، وە گەردنگیری حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلام ببێت، کە قەواعید و بنەماکانی بەو شێوەیە دارێژراوە، کە ووتە و گوفتار لە نیەتی تەقلاقدان و نەدانیدا ووتە و گوفتاری پیاوە، -مەبەست ئەوەیە ئەگەر پیاوەکە ووتی من نیەتم تەلاقدانی ژنەکەم نەبووە ئەوە ووتەی پیاوەکەی وەردەگیرێت مەگەر کاتێك نەبێت کە ژنەکە دوو شاهیدی هەبێت کە شاهیدی بۆ بدەن کە بەڵێ پیاوەکەی بە ڕاستی تەلاقی داوە - .

ئەگەر هاتوو ژنەکە کە لەوەی کە ڕوویداوە لە گومان و دوو دڵیدا بوو، یان گومانی هەبوو لە نقلّ کردنی ووردەکاری ئەوەی ڕوویداوە لەنێوان تۆ و ئەودا، یان دەروونی ئاسوودە نەبوو تەنها بەوەی کە گوێی لەتۆ بگرێت، بێگومان لەم حاڵەتانەدا ناکرێت ئیلا بەوە نەبێت کە تۆ و ژنەکەت پێکەوە بڕۆن بۆلای هەندێك لە زانایان و کەسانی شارەزا کە هەردوولاتان باوەڕتان پێیان هەیە و متمانەتان بە ڕاستگۆی و ئەمانەتیان هەیە، ئەمجا ئەوەی ڕوویداوە لەنێوانتاندا بۆیان باس بکەن، پاشان ئێوەش ئەوان چیان پێی ووتن گوێرایەڵی فەتوا و حوکمەکەیان بن ..

دەبێت ئەو ژنەیش ئەوە بزانێت ئەگەر بێتۆ بەو حاڵەوە شوو بکاتەوە ئەوە با چاك بزانێت کەوتووەتە نێو فاحشە و خراپەکاریەوە، چونکە تا ئێستاش لە ژێر نیکاح و عیصمەتی پیاوەکەیدایە، و لێی جیا نەبووەتەوە..

چونکە ئەگەر هاتوو پیاو وژنێك جیاوازی و ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە لەسەر کەوتن و نەکەوتنی تەلاق، ئەوە ووتە و گوفتاری پیاوەکەیە، تا ئەو کاتەی ژنەکە شاهید و بەڵگە و بەینەی خۆی دەهێنێت ...

خوای گەورەش زاناترە ..

سەرچاوە : ماڵپەری ئیسلام پرسیار و وەلام، فەتوای ژمارە (229507).